ژنە ڕۆژنامەنووسێکی لوبنانی لەنێو دادگا تیرۆر کرا

نیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە 26ـی کانوونی یەکەمی 2024, ڕۆژنامەنووسی لوبنانی عەبیر ڕەحال بەهۆی فیشەکێکەوە کە بەر سەری کەتووە گیانی لەدەستدا و لەلایەن هاوسەرەکەی بە ناوی خەلیل مەسعوود تەقەی لێکراوە دواتر هاوسەرەکەی خۆی کوشتووە.

بەگوێرەی زانیاریە ناوخۆییەکانی میدیا لوبنانیەکان، ڕووداوەکە لەناو دادگای شەریعەتی ناوچەی خروب لە پارێزگای جەبەل لە لوبنان ڕوویداوە.

بەگوێرەی زانیاریەکان، ڕۆژنامەنووسە کوژراوەکە سکاڵای جیابوونەوەی لە دژی هاوسەرەکەی تۆمارکردبوو، بەیاربوو مانگی داهاتوو دانیشتنەکە بەڕێوەبچێت، بەڵام لەکاتێکدا لە دادگا بوون، هاوسەرەکەی لە دەرگای بیناکەوە تەقەی لێکردوە و کوژراوە، دواتر بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵاتووە، دواجار دوای دوو کاتژمێر زیاتر لە ئێنجامدانی تاوانەکەی، مەسعود تۆمارێکی ڤیدیەیی لە هەژماری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک و تیکتۆک بڵاوکردەوە و تیایدا وردەکاری ناکۆکییە کەسییەکانی خۆی لەگەڵ هاوسەرە میدیاییە کەچکردووەکەیدا بڵاوکردەوە، بەتایبەتی ئەو ناکۆکییە دارایییانەی کە پێیوەندییان بە کارکردن لە ماڵپەڕێکی ناوخۆییەوە هەیەوە کە هاوسەرەکەی دامەزراوە.